## ڕوونکردنەوە

سەرەڕای قبولی رونکردنەوەکەی کاک دلێر مەردۆخی، ئەوەی ئێمە لە رۆژنامەی یەکگرتوو بڵاومان کردۆتەوە رونکردنەوەی جەماعەتی دەعوەو ئیسلاحە نەک رۆژنامەی یەکگرتوو، پاشانیش مەبەست لە رونکردنەوەکە ناوەرۆکی بابەتەکەیە نەک وەرگێرانەکە، ئیتر نوسینەکە بە فارسی و بە پلەی یەکەم و، پاشانیش وەرگێرانەکەی جێی تێبینی کۆمەڵەی ناوبراوە..
http://www.yakgrtu.pdf.١٢/٨٦٩/org/news

ڕۆژنامەی یەکگرتوو

# ڕیسواکردنی کۆمەڵکوژیی شەرناخ

**نالی پێنجوێنی - سویسرا**

پارتی «دادوگەشەپێدان»، کە دەسەڵاتی لەسەر میراتی کەمالیزم گرتەدەست، بانگەشەی چارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەی کوردی بەرزکردەوە. لەو دەمەدا خەڵکی بە گەشبینییەوە لەو هەڵوێستە نوێیەی دەسەڵاتدارانی تورکیایان دەڕوانی. لەلایەک هەڵوێستەکە پێچەوانەی سیاسەتی کلاسیکی کەمالیزم و سوپای ئەو وڵاتە بوو، کە دەیان ساڵ بوو دەیانویست لە ڕێی ئۆپەراسیۆنی سەربازییەوە ئەو پرسە بۆ بەرژەوەندی خۆیان یەکلایی بکەنەوە. لەلایەکی دیکەوە بەوپێیەی «دادوگەشەپێدان» هەڵگری باکگراوندێکی ئیسلامی و پارتێکی گەورە و سەرتاسەری وڵاتی تورکیایە و ڕێژەیەکی بەرچاو ئەندام و لایەنگرانی لە نەتەوە جیاوازەکانی تورکیا، بەتایبەت کورد لەخۆگرتبوو، شانسی بردنەسەری بەڵێنەکەی زیاتر بۆ دەرەخساند.

لە چەند ساڵی ڕابردوودا «دادوگەشەپێدان» توانی کەڵبەکانی کەمالیزم، کە خۆی لە سوپا و دادگای ئەو وڵاتەدا دەبینییەوە، دەربهێنێت. تا ڕادەیەکی زۆر هەژموونی ئەو دوو لایەنەی بەسەر سیاسەتی وڵاتەکەیدا کەم کردەوە و نەیهێشت. ئەو هەنگاوانەش ڕێخۆشکەر بوون بۆئەوەی سیاسەتێکی حەکیم و سەردەمیانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بگرێتەبەر و تورکیا لە وڵاتێکی تاک نەتەوەیی تورکەوە بۆ وڵاتێکی فرەنەتەوە بگۆڕێ. هەندێ جار ئاماژە بە خاڵە گەش و پۆزەتیڤەکانی «دادوگەشەپێدان» لە کاری سیاسی و بەڕێوەبردنی دەسەڵاتدا، وەک نموونەی پارتێکی باکگراوند ئیسلامیی میانڕەو دەکرێ، بەتایبەت سەرکەوتنی لە بواری ئابووریدا، بەڵام ئەو هەنگاو و دەستکەوتانەی پارتی ناوبراو، ناتوانن شەفاعەتی ئەوەی بۆ بکەن کە بە هەمان شێوە لە چارەسەرکردنی کێشەی کورددا سەرکەوتن مسۆگەر بکات.

کولتووری کەمالیزم، کە خۆی لە دەستووری تورکیادا دەبینێتەوە، تورک وەک تاکە نەتەوەی سەردەستی تورکیا تەماشا دەکات، وەک تورکە کێویلە، لە گەلی کورد لە باکوور (تورکیا) دەڕوانێ. دەستووری ڕەگەزپەرستانەی کەمالیزم، ناسنامە و مافە نەتەوەییەکانی کورد بە ڕەوا نابینێ، وەک هاووڵاتی پلە دوو لە کورد دەڕوانێ. گەر دەستوور ڕۆح و دڵی نەتەوە و وڵات بێت، ئەوا کورد وەک نەتەوە، لە هزر و دڵ و ڕۆحی تورکیادا بوون و مافی نییە، ئەوەش وادەکات کورد هەم ناسنامە و هەم وڵاتی نەبێت. هۆکاری سەرەکی نامۆیی و بێماڵی و بێمافی کورد لە تورکیادا پێش هەر شتێکی دیکە دەستوورە، بەڵکو ڕێگریشە لە بەدەستهێنانی مافەکانیدا و لە ڕوویاندا دەوەستێتەوە. نزیکەی سەدەیەکە ئەو دەستوورەی تورکیای لەسەر بنیات نراوە، جومگەکانی دەسەڵات و ئۆرگانەکانی ئەو وڵاتە بەڕێوەدەبات و بەناخیاندا ڕۆچووە. تورکەکان و دەسەڵاتدارانی تورکیا ناتوانن وا بە سانایی دەستبەرداری ئەو تێز و بیرکردنەوەیە ببن و لەژێر ئەو نیرەدا خۆیان دەرباز بکەن. بانگەشەی برایەتیی ئیسلامیی دادو گەشەپێدان و ئیسلامییەکانی تورکیا، گەر لە چوارچێوەی دەستوورێکی مۆدێرن و مرۆڤدۆستانەدا ڕێکنەخرێ، کە بێ جیاوازی مافەکانی گشت نەتەوە و پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە دەستەبەر بکات، ئەستەمە بتوانێ لە هەژموونی ڕەگەزپەرستانەی دەستووری ئەو وڵاتە کەم بکاتەوە. بێگومان تا ئەمرۆش پارتی «دادو گەشەپێدان» لەو ڕووەوە شکستی خواردووە و نەیتوانیوە کولتووری کەمالیزم تێکبشکێنێ. پێناچێ بەو ئاسانییە و بێ ئەنجامدانی گۆڕانکاریی گەورە لە هزر و بەرنامەیدا بتوانێ لە کێشەی کورد لەو وڵاتەدا چارەسەر بکات.

بێگومان ئەوەش ڕووبەڕووی شکستی دەکاتەوە و تەواوی ڕیسەکانی دەکاتەوە بە خوری.

بە هەمان شێوە خەباتی سەربازیی کوردەکانی باکوور، کە «پێکاکا» ڕابەرایەتییان دەکات، نەک هەر ناتوانێ هەژموونی دەستووری کەمالیزم بەسەر تاک و دەسەڵاتی ئەو وڵاتەوە کەم بکاتەوە و تێکیبشکێنێ، بەڵکو وا لە هێز و گرووپ و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە دەکات، کە مکوڕانەتر دەست بە کولتووری کەمالیزمەوە بگرن و جورئەتی خۆرزگارکردنیان لەو دەستوورە ڕەگەزپەرستانەیە نەبێت. گۆڕینی دەستووری تورکیا و بەیاساییکردنی مافەکانی گەلی کورد لەو دەستوورەدا، بە خەباتی چەکدارانە، کارێکی مەحاڵە. زەمەنی خەباتی چەکداری لەمرۆی تورکیا و ناوچەکەدا بەگشتی کاتی بەسەرچووە. بەهاری عەرەبی باشترین نموونەیە لەو ڕووەوە، کە چۆن دەسەڵاتە دیکتاتۆر و ملهوڕەکانی ناوچەکە لەبەردەم شۆڕشی مەدەنی گەلاندا یەک لەدوای یەک بەچۆکدا دێن. جێی خۆیەتی کوردانی باکوور بە جورئەتەوە دان بەو ڕاستییەدا بنێن و پیاچوونەوە بە ستراتیژ و بەرنامەی خۆیاندا بکەن. چەکەکانیان وەلابنێن و خەباتی مەدەنی و ڕۆشنبیری و شۆڕشی ئاشتیانە بەرپا بکەن. ئەوسا ڕێ لە سوپای کەمالیزمی ئەو وڵاتە دەگرن، بەبیانوی ڕاوەدوونانی گەریلاکانەوە، قەسابخانە و کۆمەڵکوژی خەڵکی بێتاوان و سڤیلی کورد ئەنجام بدات. بە هەنگاوێکی لەو چەشنە، گەلی کورد دەتوانێ بە دنیای بسەلمێنێ کە گەلێکی ئاشتیخوازە و بەشێوازی مەدەنیانە خەبات بۆ مافە ڕەواکانی دەکات. سەرەنجام دەسەڵاتدارانی تورک ناچار دەبن بەدەم خواستەکانیەوە بێن و مافەکانی لە دەستووردا بسەلمێنن.

ڕیسوا و شەرمەزارکردنی کۆمەڵکوژیی شرناخ، جگە لەوەی ئەرکێکی نەتەوەیی و مرۆڤدۆستانەی گشت کوردێکی خاوەن هەڵوێست و ویژدانە، دەکرێ بکرێتە سەرەتای قۆناغێکی نوێی خەباتی مەدەنیانە، تا لە ڕێیەوە سەرنج و سۆزی گەلان و دەسەڵاتدارانی دنیا، بۆ کێشەی کورد ڕابکێشرێ، فشاریش بۆ دەسەڵاتدارانی تورکیا دروست بکرێ، تا بە جددی بۆ چارسەرکردنی کێشەی کورد، هەنگاو بنێن و چیتر بە سادەیی و قسەی ڕووت لە ئاست ئەو پرسەدا مامەڵە نەکەن.

بەداخەوە، هەڵوێستی پراگماتیانەی دەسەڵاتدارانی هەرێم، مایەی شەرم و کەسەرێکی گەورە بوو، ئەوان کە بۆ پاراستنی کورسیەکانیان ئامادەن دوژمنی وەهمی بتاشن و شەڕی لەگەڵدا بەرپا بکەن، لەئاست کۆمەڵکوژی شرناخ و دوژمنانی گەلی کورددا بێدەنگ و شەرمنانە لەژێر لێوەوە لێدوان و نیگەرانی دەردەبڕن. بێگومان مێژوو ڕەحم بەو هەڵوێستە لەرزۆکەیان ناکا و وەک پەڵەیەکی ڕەش بە ناوچاویانەوە دەمێنێتەوە.

خۆشبەختانە ئیسلامییەکانی کوردستان، بەتایبەت بەیاننامەکەی ئەمینداری یەکگرتوو، هەڵوێستێکی جوان و بەرزی لەو ڕووەوە نیشاندا. فەرمانڕەوایی پارتێکی باکگراوند ئیسلامی لە تورکیا، نەبووە هۆکاری بێدەنگبوونیان، ئەوان زۆر بە توندی پرۆتستۆی ئەو کارە دڕندانەی سووپای تورکیایان کرد، بەوەش توانییان هەڵوێست و هەنگاوێکی نەوعی بۆ خۆیان تۆمار بکەن، جێی خۆیەتی بەرز بنرخێنرێ.

# ئەگەر دامانناممەزرێنن بۆچی فۆرمی بێکاری نامانگرێتەوە؟

## بۆ/ سەرجەم لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی هەرێمو کەناڵەکانی ڕاگەیاندن

ئێمە کە ژمارەمان (٢٥) کەسەو دەرچووی پەیمانگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایانی لە ساڵانی ڕابردوودا، بە درێژایی )١٦( مانگی ئەمساڵ چاوەڕێی دامەزراندن بووین لە حکومەتی هەرێم، بەڵام هەتا دوا ڕاگەیاندنیش ناوی ئێمە ڕانەگەیەنرا بۆ پیشەی مامۆستایەتی کە پیشەی سەرەکی و خوێندنی خۆمانە و ئێمە ئەگەر لای حکومەت و لە وەزارەتی پەروەردە وەک مامۆستا دانەمەزرێین لە کوێی تر ئەو پیشەیەمان دەست دەکەوێت، لەکاتێکدا دەرچووی پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایانین و دوو ساڵی تەمەنی خۆمان وێڕای (١٢) ساڵی تر بۆ فێربوونی ئەو پیشەیە تەرخانکردووە کە بێجگە لە وەزارەتی پەروەردە نە لە دەزگاکانی حکومەت بە فەرمانبەرو نە لە دەزگا ئەهلییەکان دانامەزرێینو کارمان دەست ناکەوێت. بۆیە داوای سەرەکیو سەر سوڕمانی ئێمەش لە کاری بێسەرو بەرەی حکومەت لەوەدایە کە کاتێ سەردانی یەکەی چاودێری کۆمەڵایەتی دەکەین بۆ وەرگرتنی فۆرمی بێکاری ئەوانیش پێمان دەڵێن ئەم فۆرمە ئێوە ناگرێتەوەو پێمان وتراوە کە فۆرم بە دەرچووانی پەیمانگای مامۆستایان نەدەین، چونکە دادەمەزرێن، ئێمە لە نێوان ئەم دوو فەرمانگەیەی حکومەتدا (لیژنەی دامەزراندن و چاودێری کۆمەڵایەتی ) لە هاتو چۆداین و تا ئێستا کەسیان وەڵامێکی دروستمان نادەنەوە، بۆیە داوا لە سەرۆکایەتی پەرلەمان و سەرۆکایەتی هەرێم و ئەنجومەنی وەزیران و وەزارەتەکانی پەروەردەو کاروباری کۆمەڵایەتی دەکەین ئاوڕێک لە دۆخی ئێمە بدەنەوە بەوەی یان دامانمەزرێنن یان فۆڕمی بێکاریمان بدەنێ تا بەلای کەمەوە وەکو دەرچووانی تری بێکار بێبەش نەبین لەو مینحەیەی حکومەت و لەم چاوەڕوانیە ڕزگارمان بێت.

گروپێک لە دەرچووانی پەیمانگای مامۆستایان
سلێمانی ٢٠١٢/١١/٢٧

# سوپاس و پێزانین

بەناوی بنەماڵەکەمانەوە سوپاس و پێزانینی خۆمان ئاراستەی سەرجەم ئەو بەڕێزانە دەکەین کە بەشدارییان کرد لە مەراسیمی بەخاک سپاردن و پرسەی باوکمان خوالێخۆشبوو (حاجی عوسمان حسین شیروانی) بەتایبەتی لایەنە سیاسیەکان و زانایانی ئاینی و شێخانی تەریقەت و خزمانی شیروانی و عەشیرەتەکانی ترو بەڕێزان مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و مەڵبەندی (٢)ی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و پارێزگاری هەولێرو ڕێکخراوی گەشەپێدانی قوتابیان. خوای گەورە پاداشتی هەموولایەک بداتەوە.

لەجیاتی بنەماڵە/ عبدالقادر عوسمان

# ئاگاداری... ئاگاداری... ئاگاداری...

**دائرة التجسيل العقاري في جمجال**

اعلان

طلب تسجيل عقار مجددا

بناء على الطلب المقدم الى هذه الدائرة بتاريخ (٢٠١١/١٢/٤) لتسجيل تمام العقار تسليل (١/١) محلة( سنطاوي كؤن) باسم (طوبا غفور صالح) مجددا باعتبار حائزا لها بصفة المالیک للمدة القانونية ولغرض تثبيت الملكية المذكورة تمهيدا للتسجيل وفق احكام القانون التسجيل العقاري رقم (٤٣) لسنة (١٩٧١) قرنا اعلان هذا الطلب فعلى كل من يدعى بوجود علاقة او حقوق ميعنة على هذا العقار تقديم مالديه من بينات الى هذه الدائةر خلال مدة ثلاثين يوما اعتبارا من اليوم التالي لنشر هذا الاعلان وكذلك الحضور في موقع العقار في الساعة العاشرة صباحا من اليوم التالي لانتهاء مدة هذا الاعلان وذلك لاثبات حقوقه موقعيا في الكشف الذي سيجرى في اليوم المذكور لهذا الغرض.

هيوا محمد صابر
دائرة التسجيل في جمجال

---------------

**دادگای کەتنی هەولێر/ ١**

ژمارە: ٨٩٣/ک١/٢٠١١
بەروار/ ٢٠١١/١٢/٢٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/(زهير محمد خماس)

ئەم دادگایە بڕیاری حوکمی دەرکردووە بە ژمارە (٨٩٣/ک١/٢٠١١) لە (٢٠١١/١٢/٢٧) لەسەرت بە زیندانیکردنی (الحبس) بۆ ماوەی (٣) سێ مانگ و یەک رۆژ و پێبژاردنی بەبڕی ( )هەزار دینار بەپێی مادە (٤٤٦) لە یاسای سزاکان بەشێوەیەکی پاشملە (غيابی) لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە بەپێی ئیشعاری موختاری گەرەکی ( ) بڕیاردرا بەهۆی دوو رۆژنامەی ناوخۆیی رۆژانەی پێت ڕابگەیەنرێت، مافی تانووتلێدانت هەیە لە بڕیارەکە بە ڕێگای ناڕازیبوون و پێداچوونەوە لە ماوەی یاساییدا (٣)مانگ لە ڕۆژی بڵاوبوونەوەی ئەم ئاگادارییە بەپێچەوانەوە بڕیارەکە پلەی بنبڕ وەردەگرێت.

دادوەری یەکەم/ سردار عزيز خوشناو

----

**محكمة جنح في دشتی اربيل**

العدد/ ١٥١/ك/٢٠١١
تاريخ/ ٢٠١١/١٢/٢٧

الى المتهم الهارب/ بارزان عبدالقادر صالح

حكمت المحكمة غيابيا عليک بالحبس لمدة (شهر واحد) وفق المادة ٤٩٥ من قانون العقوبات ولمجهولية محل اقامتک تقرر تبليغک بواسطة صحيفتين محليتين ولک حق الاعتراض والتمييز خلال المدة القانونية وبعكسه سيكتسب القرار الدرجة القطعية.

الحاكم / نوزاد حسين اسعد

---

**دادگای کەتنی عەنکاوە**

ژمارە/ ١٠٩/ک/٢٠١١
بەروار/ ٢٠١١/١٢/٢٨

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ١- شادی سمکۆ علی ٢- لنجە حسن جبار

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە، بۆیە پشت بەستن بە ماددە / ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری (٢٠١٢/٣/٤) بەمەبەستی دادگاییکردنت، بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ سليم حمو دياب

------------

**دادگای کەتنی عەنکاوە**

ژمارە/ ١٥٩/ک/٢٠١١
بەروار/ ٢٠١١/١٢/٢٢

بۆ تۆمەتبار/ رزبان علی احمد علی

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە، بۆیە پشت بەستن بە ماددە / ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری (٢٠١٢/٣/٤) بەمەبەستی دادگاییکردنت، بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ سليم **حمو** دياب

------------

**دادگای کەتن لەدەشتی هەولێر**

ژمارە/ ١٨٨/ک/٢٠١١
بەروار/ ٢٠١١/١٢/٢٧

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ محمود حسن خليل

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە، بۆیە پشت بەستن بە ماددە / ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارت بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری (٢٠١٢/١/٢٦) بەمەبەستی دادگایی کردنت، بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ نوزاد حسين اسعد

------------

**دادگای کەتن لەدەشتی هەولێر**

ژمارە/ ١٨٩/ک/٢٠١١
بەروار/ ٢٠١١/١٢/٢٧

بۆ تۆمەتبارانی هەڵاتوو/ ١-حسن محمد علی خوشک ٢-لينا احمد حسين سعدۆ

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێتان نادیارە، بۆیە پشت بەستن بە ماددە / ١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاییکردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگای ڕۆژنامەی ناوخۆیی ڕۆژانە ئاگادارتان بکاتەوە بەمەبەستی ئامادەبوونتان لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە بەرواری (٢٠١٢/٢/١) بەمەبەستی دادگاییکردنتان، بە پێچەوانەوە خۆت بەرپرسیاری بەپێی یاسا.

دادوەر/ نوزاد حسين اسعد

------------

**دادگای کەتنی هەولێر/٢**

ژمارە/٨٤٠/ک٢/٢٠١١
ڕێکەوت/٢٠١١/١٢/٢٦

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/ ئاكام نورالدين عولا

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە، بۆیە بە پشتبەستن بە ماددە/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە ڕێکەوتی (٢٠١٢/٢/٢١) بە مەبەستی دادگاییکردنت بەپێی مادەی (٢) لە یاسای خراپ بەکارهێنانی مۆبایل، بە پێچەوانەوە دادگاییکردن بەشێوەی پاشملە (غیابی) دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ ئاشتی احمد احمد

-------------

**دادگای کەتنی هەولێر/٢**

ژمارە/٩٥٥/ک٢/٢٠١١
ڕێکەوت/٢٠١١/١٢/٢٦

بۆ تۆمەتباری هەڵاتوو/جيهان بخش خاص علی جمال

ئاگادارکردنەوە

لەبەرئەوەی شوێنی نیشتەجێت نادیارە، بۆیە بە پشتبەستن بە ماددە/١٤٣ لە یاسای بنەماکانی دادگاکردنی سزایی، دادگاکەمان بڕیاری دا لە ڕێگەی دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی ئاگادارت بکاتەوە بە مەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە لە کاتژمێر (٩)ی بەیانی لە ڕێکەوتی (٢٠١٢/٢/٢٧) بە مەبەستی دادگاییکردنت بەپێی مادەی (٤٤٦) لە یاسای سزاکان، بە پێچەوانەوە دادگاییکردن بەشێوەی پاشملە (غیابی ) دەرهەقت ئەنجام دەدرێت.

دادوەر/ ئاشتی احمد احمد

-------------

**سەرۆکایەتی دادگای تاوانی سێیەم لەهەولێر**

ژمارە/١٧٠/ج٣/٢٠١١
ڕێکەوت/٢٠١١/١٢/١٥

ئاگاداری

بۆ تاوانباری هەڵاتوو (خليل حسن عزيز)

لەبەر ئەوەی تۆ تۆمەتباری بەپێی مادە (٤٠٥) لە یاسای سزایی وە سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا بڕیار درا وە پاڵپشت بە مادەی (١٤٣) لە یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بە پێڕاگەیاندنت لە دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم داگای تاوانی سێیەم لە هەولێر لە ڕۆژی ٢٠١٢/٣/٦ وە بە پێچەوانەوە دادگاییکردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەق بە تۆ بە شێوەی پاشملە بەپێی یاسا لەداوای سزای ژمارە (١٧٠/ ج٣/٢٠١١).

سەرۆک: برايم اسماعيل حمد

-------------

**محكمة عمل في اربيل**

العدد/ ٩/ك س/٢٠١١
تاريخ/ ٢٠١١/١٢/٢٨

الى المتهم الهارب/ نايف عمر باتماس

حكمت المحكمة غيابيا عليک بالحبس لمدة (ستة اشهر) وفق المادة/ ٩٩ و بدلالة المادتين ٣٠ و ٣٥ من قانون التقاعد والضمان الاجتماعي والمادة (٥٣) بدلالة المادة (٥٢) من قانون العمل وبدفع غرامة قدرها (٢٢٥٠٠) دينار الى صندوق المحكمة، ولمجهولية محل اقامتک تقرر تبليغک بواسطة صحيفتين محليتين ولک حق الاعتراض والتمييز خلال (ثلاثة اشهر) المدة القانونية وبعكسه سيكتسب القرار الدرجة القطعية.

القاضي/ جليل عبدالله حسن

---------------

**سەرۆکایەتی دادگای تاوانی دوو هەولێر**

ژمارە/٣٢٤/ج/٢٠٠٦
ڕێکەوت: ٢٠١١/١٢/٢٧

ئاگاداری

بۆ/ تاوانبارانی هەڵاتوو (صبری احمد مصطفی)

لەبەرئەوەی تۆ تاوانباری بەپێی مادە (٣٩٣) لە (ی.س) سەلماندنی هەڵاتنت و نادیاری جێگاکەت لە کاتی ئێستادا، بۆیە بڕیار درا وە پاڵپشت بە ماددەی (١٤٣) لە یاسای بنەما دادگاییەکانی سزایی بە پێڕاگەیاندنت لەدوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونت لەبەردەم دادگای تاوانی دوو لە هەولێر ڕۆژی (٢٠١٢/٣/١٣) وە بەپێچەوانەوە دادگاییکردنەکە ئەنجام دەدرێت دەرهەقت بەشێوەی پاشملە بەپێی یاسا لەداوای سزایی ژمارە (٣٢٤/ج/٢٠٠٦).

سەرۆک/ عبدالباسط عبدالله فرهادی

خاوەنی ئیمتیاز: زوهێر محەمەد ئەمین
سەرنووسەر: عەبدولکەریم ئەحمەد Email: akamv٢k@yahoo.com ٠٧٥٠٤٥٥٨٤٣١
جێگری سەرنووسەر: فەهمی حەمە تۆفیق Email: pezanv٦@yahoo.com ٠٧٥٠٤٧٠٢٣٩٩
بەڕێوەبەری نووسین: مەحمود یاسین کوردی Email: Mahmwd٢٢@yahoo.com ٠٧٥٠٤٩٠٨٠٥٧
دیزاین: قاسم ئەنوەر Designer:Qasim anwar ٠٧٥٠٤٩٧٩٩٠٧
بڵاوکردنەوە و دابەشکردن: BLAV PAYK